# کێشە یا بڕگەیەکی دیکەی چەواشەکاریی

## ئەمجەد شاکەلی

پرسی گوایە "کێشە"ی نێوان سکرتێری گشتیی و مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، کە لە حەفتەنامەی"هاوڵاتی"دا[1]، باسی لێوە کراوە، ڕەنگە بۆ هەندێک خەڵکی نەوەی نوێ و ناشارەزای سیاسەتی جەلال تاڵەبانی و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، باسێکی نوێ بێت، بەڵام بۆ خۆی وەک بابەت باسێکی نوێکۆنە و تەنێ لە کاتی پێویستدا سەرهەڵدەدات و باسی لێوە دەکرێت. حیزبی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، کە ڕەگوڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1964 کاتێک، کە دەستەیەک لە مەکتەبی سیاسی پارتیی دیموکراتی کوردستان، لە پارتیی و سەرکردەیەتیی بارزانی جوێبوونەوە و بڕیاریاندا بۆ خۆیان، وەک ڕەوتێکی سیاسیی و چەکداریی جودا و وەک نێوەندێکی نوێی دەسەڵات، لە نێو کوردی باشووری کوردستاندا، کاری سیاسیی خۆیان بکەن، لێ نەک لە بەرەی کورد و شۆڕشی کوردستاندا، بەڵکە لە بەرەی نەیارانی کورد و نەیارانی شۆڕشی کوردستاندا، چونکە ئەوان لە نێوان 1966-1970دا، وەک نانەزگەڵێکی بەشێک لە هێزی چەکدار و لەشکری عیراق کاریان دەکرد. چۆنیەتیی چێبوون و هەڵتۆقین و هۆکارەکانی ئەو دوومەڵەڕەوتە، کە ئیدی لەو دەمەوە نێوی "جەلالی" لێ نرا، تا ڕادەیەک لەکن زۆرینەی کورد خویا و زانراوە. یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانیش، بەردەوامی و درێژەپێدانێکی ئەو ڕەوتەیە. من کە دەڵێم یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، مەبەستم حیزبی یەکیەتییە وەک ئێستای و لەوەتی دروستبووە و تەواوی ئەو تەوژم و ڕەوتانەیش، کە لە پزدانی ئەوەوە وەدەرکەوتوون و جوێبوونەوە و نەگەڕاونەتەوە یا گەڕاونەوە نێوی، وەک نموونەش دەکرێ: حیزبەکەی شێخ سەتتار تاهیر شەریف و بزووتنەوەی پێشکەتنخوازانی کورد و لەفیفییەکان و دەستەی ئاش(ئاڵای شۆڕش) و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و تاکوتەرایەکی کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان و خەلکانێکی دیکەش، کە خۆ بە بێلایەن دەدەنەناسین، بەڵام هەر لە نێو ئەو کۆڕەدان، نێو ببرێن. تەواوی ئەو خەڵکانە لە 1964ەوە تا ئەورۆ لە نێو ئەو بازنەیەدان و لێی دەردێن و دەگەڕێنەوە نێوی، لێ هەردەم دڵسۆزی و گوێڕایەڵی و مەیلیان، بۆ هێڵی 1964ی جەلالیزم و هۆکاری دروستبوونیان و دید و ئایدیۆلۆژیایەک، کە لە سەری دامەزراوە و درێژەپێدانی ئێستایان، نە کاڵ دەبێتەوە و نە دەخرێتە بەر پرسیار و نە دەشتوانن ڕۆژێک لە ڕۆژان دەستبەرداری ببن. تەوەرێکی سەرەکی و بنەمایەکی بنەڕەتیی و چەسپاو و پێکهاتنێکی سەدلەسەد و بێ هیچ گومانێک، کە تەواوی خەڵکانێک لە بازنەی جەلالیدا خڕ دەکاتەوە و یەکدەخات، سڕینەوەی نێوی بارزانی و

[1] هاولاتی، ژمارە 196ی 2004/10/20. هاولاتی دەنووسێت:"لە ئەنجامی کێشەی نێوان سکرتێر و مەکتەبی سیاسیی یەکێتیدا بڕیار درا جێگرێک بۆ تاڵەبانی دابنرێت".

دیرۆکی بارزانی و کاریگەری بارزانی و دەسەڵاتی بارزانییە، لە نێو کورد و لە کوردستاندا و ئەگەر بشکرێت لە هەموو جیهان و تەنانەت لە نێو تۆمار و کتێب و هەموو شتێکدا و لە ڕەگەوەدەرهاوێشتنی واژەی بارزانییە. ئەگەر بە گوێرەی ماتریالیزمی دیالیکتیکی مارکسیزم دوو جۆرە ملانێ لە کۆمەڵگەدا هەبێت، سەرەکی و لاوەکی و هەمیشەش ملانێ سەرەکییەکان وەپێشبخرێن، ئەوا تەواوی ملانێیەکانی ئەم جیهانە بە لای ئایدیۆلۆژیای جەلالیزمەوە، ملانێیەکی لاوەکین و ملانێی خۆیان و بارزانیزم، ملانێیەکی سەرەکییە. لەو حاڵەدا تەواوی جەلالییان، کەون و نوێیان، دەرەکی و ناوەکییان، سەرکردە و بنکردەیان، ڕووناکبیر و تاریکبیریان، سیاسیی و چەکداریان، پیر و لاویان، ژن و پیاویان، یەک دەگرنەوە و لە سەری تەبا و کۆکن. ئەوەی دیرۆکی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و هۆی دروستبوونی بزانێت، دەزانێت، کە پایە و کۆڵەکە و دنگەیەکی سەرەکی و هەرەمەزن، کە ئەو حیزبەی لە سەر دروستبووە و ڕاوەستاوە، پێش هەر شتێک دژایەتیی بارزانیزم و ماڵی بارزانییە.

سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، جەلال تاڵەبانی، کە بۆ خۆی لە نێو یەکیەتییدا کەسی یەکەمە و لە 1964یشەوە، کە لە بارزانی و پارتیی جودا بوونەوە، هەرچەندە ئیبراهیم ئەحمەد بە ناو سکرتێری حیزبەکەیان بوو، لێ لە ڕاستیدا تاڵەبانی بۆ خۆی هەر کەسی یەکەم بوو، هەر بۆیەش لەبەر بزێوی و گرنگیی ڕۆڵی جەلال تاڵەبانی، ناودێرکردنی ڕەوتەکەیان بە نێوی "جەلالی" یەوە بوو. لە دروستبوون و پەیدابوونی حیزبی جەلالییەوە تا ئەورۆ، هیچ کەسێکی نێو ئەو حیزبە نەیتوانیوە ملانێ لەگەڵ تاڵەبانیدا بکات. تاڵەبانی، هەمیشە کلیلی تەواوی کارەکانی بە دەست بووە و هەمیشە بڕیارەکان لەکن وی و بە دەست وی بوونە. تاڵەبانی، هەرچۆنی ویستبێت و هەرچی ویستبێت، بەو حیزبەی خۆی کردووە. ئەو توانیویەتی ئایدیۆلۆژیای حیزبەکەی بە هەوەسی خۆی بە لای چەپ یا ڕاستدا وەرچەرخێنێت. ئەو توانیویەتی تەواوی دارایی حیزبەکەی بخاتە ژێر کۆنتۆڵی خۆی و ماڵباتی خۆی و کەسانی نێزیکی خۆیەوە. ئەو توانیویەتی حیزبەکەی بخاتە خزمەت عیراق، ئێران، سووریا، تورکیا و سیاسەتی حوکوومەت و دەسگا سیخوڕییەکانی ئەو وڵاتانەوە یا بەرەوڕووی ئەو وڵاتانەی بکاتەوە. ئەو توانیویەتی حیزبەکەی بکا بە گژ تەواوی حیزبەکانی کوردستاندا، پارتیی، سۆسیالیست، گەل، پاسۆک، کۆمۆنیست، ئیسلامی(بە هەموو جۆرەکانییەوە)، پەکەکە و...زۆری دیکەش. ئەو توانیویەتی ئەم و ئەو لە حیزبەکەی دەرکات و بهێنێتەوە و لەکاربخات و بخاتەکار و بەرزکاتەوە و نزمکاتەوە. ئەو توانیویەتی تەواوی سەرانی حیزبەکەی و تەواوی خەڵکانێکی لەگەڵیدان، بە هەوەسی خۆی لێیان تووڕە بێت و سووکایەتییان پێ بکات و هەر پاش ماوەیەکی یەکجار کەمیش ئاشتیان کاتەوە و دڵیان بداتەوە. هەموو ئەو کارانە، جەلال تاڵەبانی هەرکاتێکی وێستبێتی کردوویەتی و هیچ ئاستەنگ و ڕێگرێک بەری پێ نەگرتووە. ئێستاش دەتوانێت بیانکات و هیچ ئاستەنگ و ڕێگرێک بەری پێ ناگرێت و هیچ کەسێکیش نە توانیویەتی و نە دەتوانێت، کارەکانی بخاتە ژێر پرسیارەوە و ڕەخنە لە کردەوەیەکی بگرێت و لە بەردەمیدا بکۆکێت.

جەلال تاڵەبانی، زۆر لەمێژ نییە جاڕی پاکسازی و چاکسازی دا و باسی گەندەڵیی هێنایە گۆڕێ، بەڵام پاکسازی و چاکسازییەکی نەزۆک و بێبەر و تەنێ بۆ میدیا و گەرمکردنی مێزی دەمەتەقەی بازاڕی چەوت و لنگاوقووچی سیاسەتی ئەوڕۆی دەسەڵاتەکەی خۆی و بازاڕی سیاسەت لە کوردستاندا! هەر دوای ماوەیەکی کەمیش باس لە کێشەی نێوان خۆی و مەکتەبی سیاسیی حیزبەکەی هاتە ئاراوە. تۆ ئەگەر سەرنجێک لە کاتی بڵاوبوونەوەی ئەو دوو باسە بدەیتەوە، ئەوەت بۆ دەردەکەوێت، کە باسی "کێشە"ی خۆی و مەکتەبی سیاسیی حیزبەکەی، دوای جاڕی پاکسازی و چاکسازییەکە ئاشکرا کرا. جەلال تاڵەبانی، زیرەکانە بۆ شتەکان دەچێت و کایەکان بە باشی ئەنجام دەدات و هاوسەنگییەکە باش هەڵدەسووڕێنێت و دەپارێزێت. کە ناڕەزاییەک یا دەنگۆ و وەڕزییەک یا گومانێک، لە نێو ئەندامانی حیزبەکەی خۆیدا، یا لە نێو خەڵکانی هەوادارێدا، یا لە نێو دەڤەرەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی و حیزبەکەیدا، یا لە نێو کارگێڕییەکەیدا، پەیدا دەبێت و خەڵک بە جۆرێک دەیدەرێنن، جەلال تاڵەبانی، بۆ هەڵمژین و دامرکاندنەوە و چەپاندنی ئەو دەنگانە، بانگاشەی گۆڕانکاری و بیراز و پاکسازی هێناوەتە و دەهێنێتە گۆڕێ. کە پارتیی دیموکراتی کوردستان و مەسعوود بارزانی، ئەگەر هەر بۆ ڕێکلامیش بێت، بڕێک پێیان لە سەر کێشەی کەرکووک داگرتبێت و هەندێک گوتەی توندیان لەهەمبەر خەڵکانێکی دژە کوردستانییبوونی کەرکووک دابێت و بڕێک خەڵکی کوردیان بەو باسانەوە ورووژاندبێت و کارێکی تەنانەت "نیوچڵی" سەرکەوتووانەیان ئەنجام دابێت، ئەودەمی حیزبەکەی جەلال تاڵەبانی، باسی ململانێ و کێشەی نێوخۆی حیزبەکەی هێناوەتە گۆڕێ.
هێنانەگۆڕێی ئەو باسانە لە لایەن ڕێبەری یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرانی دیکەی ئەو حیزبەوە، بە مەبەستی پێشاندانی ڕوومەتێکی دیموکراتییانە و مرۆڤانە و گەلێریانەی یەکیەتیی نیشتمانییە و بەو هیوایەیە، کە خەڵکی کورد پێیانوابێت ئەو باسانە ڕاستن و شەپۆلی گۆڕان بەڕێوەیە و ئیدی دەسەڵات و دارایی و بڕیار، لە دەستی ئەوانەی سەرێ دەردەچن و دەکەونە دەستی خەڵک، وەلێ ئەوە لە گەمەیەک و پێکەنینێک بە ڕدێنی خەڵک زیاتر هیچی دیکە نییە. تەواوی ئەو کارانە بە مەبەستی چەواشەکردن و خۆڵەچاوکردنی خەڵکی کوردن.
ئەوەی ئەو مەکتەبە سیاسییەی یەکیەتیی، کە گوایە ناڕەزاییان بەرانبەر جەلال تاڵەبانی هەیە بناسێت، باش دەزانێت، کە ئەو مەکتەبە سیاسییە، بۆ خۆی و سەدلەسەد و بە درێژایی دیرۆکی جەلالیزم، لە هەموو هەنگاوێکدا لەگەڵ تاڵەبانیدا بووە و لەگەڵ ویدایە و بە موو لە بیروباوەڕی وی لاینەداوە و لایشنادات. نەوشیروان مستەفا و ئەوانەیشی لەگەڵین، هەمیشە سەربازێکی دڵسۆزی جەلال تاڵەبانی و ڕێبازەکەی بوونە و هەمیشە کوتەک و جێبەجێکەر و پێڕۆی سیاسەتی جەلال تاڵەبانی بوونە و هەمیشە وەک ڕێبەر و مامۆستایەک تەماشای جەلال تاڵەبانییان کردووە و دەکەن. ئەو دەستەیە و دەستەکانی دیکەش، کە بێ تاڵەبانییەتییان تاقیکردووەتەوە، چ بە ئاشی(ئاڵای شۆڕش)ی بێت یا بە

**شێوەیەکی دیکە، بۆیان دەرکەوتووە، کە ئەوان بێ تاڵەبانی هیچیان پێ ناکرێت و بێ تاڵەبانی کەس نایانخوێنێتەوە. ئەگەر تاڵەبانی لە حیزبەکەی جودا بێتەوە، خەڵکانی سەر بەو حیزبە لەگەڵ تاڵەبانیدا دەبن و شوێنی حیزبەکە ناکەون، ئەگەر سەدانی وەک نەوشیروانیشی تێدا بن. ئەوە قانوون و نەریتێکە، کە تەنێ حیزبەکەی تاڵەبانی ناگرێتەوە، بەڵکە تەواوی حیزبە کوردییەکان و تا ڕادەیەک خۆرهەڵاتیش دەگرێتەوە. تاڵەبانی بۆ خۆی بناخەدانەر و هزرمەند و نیشانەی ئەو حیزب و هێڵەیە. لە نێوان مەکتەبی سیاسی(ئەو دەستەیەی نەوشیروان مستەفا و هاوڕێیەکانی) و جەلال تاڵەبانیدا، هیچ ملانێ و ناکۆکییەک نییە و ئەوەیشی نەوشیروان مستەفا و دەستەکەی، بە پاکتر لە تاڵەبانی، بە چەپتر لە تاڵەبانی دەزانێت، هەرگیز لە سیاسەت تێنەگەیشتووە، چونکە ئەوان(نەوشیروان مستەفا و هاوڕێیەکانی) بۆ خۆیان شاگردی تاڵەبانین و لەو فێرگەیەی وی فێرە سیاسەت بوون. ئەوان و تاڵەبانی یەک شتن و دوو دیوی پارەیەکن و لێک جودا ناکرێنەوە. نەوشیروان مستەفایەک، کە لە لەدایکبوونی جەلالیزمەوە لەگەڵ بووە و یەکێک بووە لە چالاکترین کادرەکانی ئەو ڕێبازە و هەمیشەش جەلال تاڵەبانی وەک سەرۆک و ڕێبەری نەک هەر حیزبەکەی، بەڵکە هەموو کورد، تەماشاکردووە و زانیوە و قەبووڵ بووە، هەرگیز ئامادە نییە، لە جەلال تاڵەبانی جودا بێتەوە و بە پێچەوانەی ئەوەوە ڕەوتار بکات. نەوشیروان مستەفا هەر لە درووستبوونی یەکیەتییەوە تا ئەوڕۆ هەمیشە کەسی دووەمی نێو یەکیەتیی بووە دوای جەلال تاڵەبانی. ئەوەی نەوشیروان مستەفا بە بیرازکار و ڕزگارکەر و فریادڕەس بزانێت، کۆڵێک بە هەڵەدا چووە. نەوشیروان مستەفا، پیاوێکە هەمیشە بە زمانی کەللەیبوون و چەک و کوشتن و لەنێوبردن، بەرسڤی خەڵکی نەک هەر نەیارانی، بەڵکە ڕەخنەگرانیشی داوەتەوە. تەواوی مێژووی چل ساڵەی کاری سیاسیی نەوشیروان مستەفا، لە کۆڤاری "ڕزگاری"یەکەیەوە تا دەگاتە بۆمباخستنە نێو خوێندنگەی کچانی سلێمانی و کوشتن و بڕینی کۆمۆنیستەکان و حیزبەکانی دیکەی کورد لە پشتئاشان، لە توندوتیژی زێتر هیچی دیکە نەبوونە، ئەوجا ئەگەر وەها پیاوێک بیرازکار و ڕزگارکەر و فریادڕەس بێت و چاوەنۆڕی گۆڕان و بیراز و نوێکردنەوەی لێ بکرێت، ئەوا هەزار ڕەحمەت لە جەلال تاڵەبانی و هەزار خۆزگە بە وی[2].**

---

[2] سالانێک کە ئاش(ئالای شۆڕش) هەبوو و خۆی بە جێگرەوە و بەرۆگری یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان دەزانی و سەنگەری لە یەکیەتیی گرتبوو، کوردێکی ئەم ئەوروپایە چووبوو بۆ یەکیەتیی سۆڤیێت و لە شاری لێنینگراد بووبووە میوانی چەند هاوڕێیەکەی خوێندکاری. یەکێک لەو هاوڕێیانەی پرسیاری ئالای شۆڕشی لێ دەکات، کە چۆنە و ڕەوشیان بەرەو کوێ دەڕوات و ئایا هیوایەک هەیە، کە بتوانن شتێک بکەن و کێ لە ناویاندا ئەو هیوایەیە! ئەو کوردە ئەوروپانشینەش دەڵێت:"ئالای شۆڕش ئەگەر هیوایەکی هەبێت، تەنێ حاجی مەمۆیە". من ئەم قسەیەم بۆ کاک سابیر ڕەسووڵ (ڕەوانی شاد و یادی بەخێر) گێڕایەوە، بەڵام هەر بۆ خۆشی و پێکەنین بڕێک گۆڕانکاریم تێدا کرد. من ئالای شۆڕشەکەم کرد بە کورد و گوتم:"خەڵک دەڵێن ئەگەر کورد هیوایەکی هەبێت، ئەوا حاجی مەمۆیە".حاجی مەمۆیش دۆست و هاوڕێی هەردووکمان بوو. کاک سابیر زۆر بە دەنگێکی بڵند و جیددییەوە گوتی:"چی؟

ئەوەی دڵی بە کێشە و ملانێی نێو حیزبی یەکیەتیی خۆشە و پێیوایە گۆڕانی مەزنی وەدوودا دێت[3] و پێیوایە ئەوەی لەو بارەوە خراوەتە بەرباس، جۆرێکە لە دیموکراتی و کراوەیی و پێیوایە ڕەنگە ببێتە ڕێخۆشکردنێک بۆ کاریگەرییەک لە سەر ڕەوشی سیاسەت لە کوردستاندا، یا گۆڕانکارییەک لە نێو حیزبە کوردییەکاندا، یا گۆڕانێک لە دەسەڵات و دەموچاوەکاندا، پێموانییە باشی بۆچووبێت و ڕەنگە ئەوەی ئەو چاوەنۆڕێتی، تەنێ خەونی پەمەیی بێت و هیچی تر. تەواوی ئەو باسانەی لەمەڕ کێشەی نێوان ڕێبەری یەکیەتیی و مەکتەبە سیاسییەکەی، تەنێ خۆشاردنەوەن لە باسە سەرەکی و چارەنووسساز و بنەڕەتییەکانی کورد و خەڵکی کوردستان. لە نێو یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستاندا، واژەیەک یا گوتنێک هەبوو و هەیە و زۆرجاران خەڵکانی ئەو حیزبە بەکاریان دەبرد و دەبەن، ئەویش وشەی"خیش، خیشکردن، خیشیکرد، خیشیانکرد، خیشدەکەن و.."، کە بە بۆچوون و لێکدانەوەی یەکیەتییان: خۆوەلانان و خۆدوورخستنەوە و لووتەلابوون و ڕەنجان و تووڕەبوون و مقکردن و ماتبوونی کەسێک یا کەسانێک دەگەیەنێت. ئەوەی جەلال تاڵەبانی و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بناسێت و مێژووی ئەوان بزانێت، لەوە تێدەگات، کە لە دروستبوونیانەوە تا ئەوڕۆ، سەدان جار و سەدان کەسیان، لە مەزنترینیانەوە تا خواری خوارەوە، خیشیانکردووە و خیشدەکەن و بۆ ماوەیەک کەنار دەگرن، لێ هەرچەندی سووکایەتییان پێ کرابێت و میز بە سەر و چاویاندا کرابێت و نازناوی "کەر"یان ویدرابێت، کورد گوتەنی"سەری گا هەر دۆڵە"، پاشان هەر گەڕاونەتەوە و دەگەڕێنەوە نێو کۆڕی هاوڕێیان و هاوبیرانیان و پەشیمان و شەرمەندە و ملکەچ چوونەتەوە خزمەت جەلال تاڵەبانی مامیان، چونکە بناخەی بیرکردنەوە و خاڵی هاوبەشیان یەکێکە و بێ یەکدی نایانکرێت. ئەمەی ئێستا لە نێو یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستاندا خراوەتە بەرباس و نێوی گۆڕانکاری و بیراز و کەمکردنەوەی دەسەڵات و سنووردارکردنی دارایی و کێشە و ملانێی مەکتەبی سیاسیی و سکرتێری گشتیی و چی دیکەی لێ دەنرێت، شانۆگەرییەکە و بەش و پەردەیەکی دیکەی خیش و خیشبازییەکەیە و کڵاوێکە دەنرێتە سەر خەڵک و چاوی خەڵکی پێ شەوارە دەکرێت.

2004/11/19

---

کێ؟". گوتم:"حاجی مەمۆ". گوتی:"عەباسی خۆمان". گوتم:"بەڵێ". گوتی:"کورە دەلاکەوە، دەک بەزیادی خێرم نەکرد، ئەو مەلا مستەفا چی پێ نەکرا، ئێستا عەباس پێی دەکرێت!".

[3] هاوڵاتی، ژمارە 197، 2004/10/27. هاوڵاتی دەنووسێت:"لە چەند ڕۆژی داهاتوودا وا چاوەڕوان دەکرێت گۆڕانی گەورە لەنێو یەکێتی و حکومەتدا ڕووبدات".